# كارنامەی پزیشك

# التوصيف الوظيفي للطبيب

# Doctor’s Job Description

# پێشەکی

مرۆڤ بەرزترین بوونەوەرە کە خوای گەورە دروستیکردووە و ڕێزێکی تایبەتی لێناوە ﴿ ولقد كرمنا بنى ادم﴾ پاراستنی لەشساغی و تەندروستی مرۆڤیش - کە زانستی پزیشکیە- یەکێکە لەپیرۆزترین پیشە و زانستەکان.

پیشەی پزیشکیی لەدێر زەمانەوە بوونی هەبووە و پزیشکیش هەمیشە کەسایەتیەکی پێشەنگ بووە و ئەندامەکانی تری کۆمەڵگا بەچاوی ڕێز و خۆشەویستی تەماشایانکردووە.

لەبەر دووروودرێژی کاروانی زانست پزیشکیی و بوونی چەندین وێستگە و پلەوپایە، دەبینین پزیشکان بەشێوەیەکی گشتی دابەشکراون بۆ چەند چین و توێژێك بەمەبەستی زیاتر خزمەتکردنی نەخۆش و پێشوەچوونی ئەم زانستە. ئەم دابەشکردنەش هەڕەمەکی نیە بەڵکو لەسەر بنەمای ساڵانی خزمەت و ئاستی زانستی و بڕوانامەی ئاکادیمی پزیشك دانراوە.
چین و توێژێکان بەگشتی ئەم پێنجەن (پزیشکی نیشتەجێی خولاو، پزیشکی نیشتەجێی دێرین، پزیشکی پلەبەند، پزیشکی شارەزای گشتی و پزیشکی پسپۆڕ) بە ڕەچاوکردنی ئەوەی پزیشکی شارەزای لق هەمان هەڵسوکەوتی پزیشکی شارەزای گشتی لەگەڵدا دەکرێت.
ئەم دابەشکردنە گرنگی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کەهەر چین و توێژێك ئەرك و چالاکی و بەرپرسیاریەتی جیاوازی هەیە لەوەکەی دیکە؛ وەك ئاشکرایە فەرمانەکانی پزیشکی نیشتەجێی خولاو زۆر جیاوازە بەبەراورد لەگەڵ ئەوەی پزیشکی پسپۆڕ، بۆیە ئاستی لێپرسینەوە و بەرپرسیاریەتیان بەهەمان شێواز یەك نیە.

لەبەر ئەوەی لەساڵانی رابردوودا سنوورێکی روون و ئاشکرا لەنێوان توێژێکاندا نەبووە بۆیە تێکەڵبوونێکی زۆر روویداوە لەکار و فەرمانەکان لەئەنجامدا چەندین هەڵەی پزیشکی روویداوە بەڵام ساغنەبووەتەوە کە کام گرووپ لەپزیشکان لێی بەرپرسیارە ئەمەش هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوومی کارنامەیەکی پوخت کەتێیدا ئیش و کاری هەر چینێك بە روونی دیاریکرابێت.

بەدرککردن بەم راستیانە و بۆ دیاریکردنی کار و بەرپرسیاریەتی هەر توێژێك بە روونی و بەشێوازێکی زانستیانەی سەردەم کە لەگەڵ واقیعی تەندروستی ئێستامان بگونجێت و بەمەبەستی کەمکردنەوەی هەڵە پزیشکیەکان و خزمەتکردنی زیاتری هاوڵاتیان؛ فەرمانگەی تەندروستی هەولێر هەڵسا بەدانانی کارنامەی پزیشکان

که بەرووبوومیماندووبوونی لیژنەیەکی تایبەتە بەدرێژایی زیاتر لە دووساڵ. ئەم کارنامەیە لە سێ بەشی سەرەکی پێکدێت ئەرکە گشتییەکان، ئەرکە تایبەتیەکان بۆ هەر چینێك لەگەڵ مۆڵەت و جۆرەکانی. دوابەدووای ئەم کارنامەیە فەرمانگەی تەندروستی هەولێر فۆرمێکی هەڵسەنگاندن دادەڕێژێت بۆ پزیشکان تاوەکو بتوانێت بەشێوەیەکی زانستی و پراکتیکی چاودێری جێبەجێکردنی خاڵەکانی ئەم کارنامەیە بکات.

خوای گەورە پشت و پەنای هەمووان بێت

فەرمانگەی تەندروستی

حوزەیرانی 2011

## ئەرکە گشتیەکان

پێویستە لەسەر هەموو توێژێکی پزیشکان ئەم ئەرکە گشتیانە بەشێوەیەکی ڕێکو پێك جێبەجێبکەن:

1. هەڵسوکەوتی لەگەڵ نەخۆش جوان، نەرم، میهرەبان و بەڕێز و لە چوارچێوەی ڕەوشتی پزیشکی بێت.
2. ڕێز لە پزیشکانی هاوەڵی و کارمەندانی تەندروستی بگرێت.
3. پابەند بێت بەلەبەرکردنی چاکەتی سپی (صدریە) لە کاتی دەوامی فەرمی و لە کاتی ئێشکگری.
4. پابەند بێت بەهەڵگرتنی باجی تایبەتی کە پێناسی پزیشکەکە بکات (وێنە و ناو و ناونیشانی کاری).
5. دەبێت مۆری تایبەتی خۆی هەبێت کە ناوی سیانی و ناونیشانی تێدا نووسرابێت کە لە لایەن فەرمانگەی تەندروستی هەولێرەوە دیزاین کرابێت.
6. هاتن و دەرچوونی لە نەخۆشخانە هاوکات بێت لەگەڵ کاتی دەوامی فەرمی دیاریکراو و پێویست.

7. پابەندی ڕێنماییەکانی سەرپەرشتیارانی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی بێت.

8. لەکاتی ڕەوانەکردنی نەخۆش دەبێت هۆی ڕەوانەکردن و کورتەی باری نەخۆش بەخەتێکی ڕوون بنووسێت و ناوی تەواوی خۆی و واژوو و مۆری تایبەتی لێبدات.

9. هەر ئەرکێکی تر کە لە لایەن سەرپەرشتیارانی پێی ڕادەسپێردرێت و لەم کارنامەیە دیاری نەکرابێت دەبێ جێبەجێی بکات.

## پزیشکی نیشتەجێی خولاو

• **پێناسە:** ئەو پزیشکەیە کە دەرچووی کۆلێژی پزیشکی بێت و هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت لە زانستی پزیشکی و نەشتەرگەری گشتی(M.B.Ch.B) کە کۆلیژەکە  لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی باوەڕپێکراو بێت، وە بۆ ماوەی دوو ساڵ لە ژێر چاودێری پزیشکی پسپۆڕ دەبێت بۆ مەشقکردن لە نەخۆشخانەکانی هەرێمی کوردستان یان پارێزگاکانی تری عێراق.

• **سەرپەرشتیاری ڕاستە وخۆ:** پزیشکی پسپۆڕ

• **سەرپەرشتیاری ناڕاستەوخۆ:**

1. پزیشکی نیشتەجێی دێرین
2. سەرۆکی پزیشکانی نیشتەجێی نەخۆشخانە
3. سەرۆکی پزیشکانی نیشتەجێی گشتی
4. بەڕێوەبەری نەخۆشخانە

- **کات و شوێنی مەشقکردن:** لەڕێگەی بەشی پلانی فەرمانگەی تەندروستی هەولێر  و سەرۆکی پزیشکانی نیشتەجێی گشتی و بەهاوکاری بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکان، خشتەی کارکردن و مەشقکردنی هەر پزیشکێك لە نەخۆشخانەکان دیاری دەکرێت.

- **ئەرکە تایبەتەکان:**

**بەشی یەکەم:**

1. پابەندبوون بە دەوامکردن لە هەموو ئەو بەشانەی کە لە خشتەی مەشقکردنی دیاریکراوە.
2. دەوامی پزیشکی نیشتەجێی خولاو لەگەڵ سەرەتای دەوامی فەرمی دەست پێدەکات تاکو تەواوبوونی دەوام. نابێت پزیشکی نیشتەجێی خولاو پێش تەواوبوونی دەوامی فەرمی شوێنی کاری بەجێ بهێڵێت.
3. پابەندبوون بە دەوامی ئێشکگری و مانەوەی تەواوی لە شوێنی کارکردنی تایبەتی خۆی بەدرێژایی ماوەی ئێشکگریەکەی تاکو وەرگرتنی ئێشکگریەکەی لە لایەن ئیشکگری دوای خۆی.
4. دەبێت بۆ هەردەرچوونێکی لەکاتی دەوامی فەرمی ڕەزامەندی لە پزیشکی نیشتەجێی دێرین و پسپۆڕی سەرپەرشتیار و سەرۆکی پزیشکانی نیشتەجێی نەخۆشخانەکەی وەربگرێت.
5. پابەندبوون بە خشتەی هەموو ئەو کۆبوونەوەو خولە زانستیانەی کە لە شوێنی کارەکەی ئەنجام دەدرێت.

**بەشی دووەم:**

ئەرکەکان بە گوێرەی شوێنی کارکردن

أ- **قاوش:**

1- لەگەڵ دەستکردن بەدەوامی فەرمی لە قاوش ئامادەبێت و تاکو تەواوبوونی دەوامی فەرمی.

2- لەکاتی جێهێشتنی کارەکەی بە مۆڵەت، دەبێت جێگرەوەیەکی هەبێت و وەهەمووتێبینیەکانی یەکە(وحدە) و نەخۆشەکان دەستاودەست (استلام وتسلیم) کرابێت لە گەڵ جێگرەوەکەی.

3- بە هاوکاری پزیشکی نیشتەجێی دێرین و  پەرستارانی قاوش بەرپرسە لە پێشوازی کردنی ئەو  نەخۆشانەی لە لایەن پزیشکی پسپۆڕەوە ڕەوانە دەکرێن بۆ قاوش.

4- بۆ هەر نەخۆشێکی داخیلکراو دەبێت پەروەندەی (گبلە)نەخۆشخانە پڕبکاتەوەو پشکنینی پێویست ( History and clinical examination) و تەواوی بۆ ئەنجام بدات لەهەمان ڕۆژ و هەمان کات (بەبێ دواخستن). دەبێت هەموو ئەو بەشانەی پەروەندە پڕبکاتەوە کە پەیوەندی بەو هەیەو دەبێت بە خەتێکی ئاشکرا بێت و مۆر و واژوی خۆی لەسەر بێت.

5- لەکاتی داخیلکردنی هەرنەخۆشێك، پزیشکی نیشتەجێی دێرین یان پسپۆر ئاگاداربکاتەوە پێش ئەنجامدانی هەر پشکنینێکی تاقیگەیی یان تیشکی یان پێدانی هەر دەرمانێك کە پزیشکی پسپۆر دیاری نەکردبێت.

6- دەتوانێت لە کاتی ڕووداوی کتوپڕ ئەو پشکنین و دەرمانانە بنووسێت کە پێویستن و دواتر پزیشکی نیشتەجێی دێرین یان پسپۆر ئاگاداربکاتەوە.

7- بەیانیان بە هاوکاری پەرستارانی قاوش تووری بەیانیان ئەنجام بدات و تێبینی خۆی لەسەر پەروەندەی نەخۆش بنووسێت. وە لەکاتی هاتنی پزیشکی نیشتەجێی دێرین و پزیشکی پسپۆر توورەکە دووبارە دەکاتەوە.

8- پێویستە ڕۆژانە لەگەڵ تووری بەیانیان چارەسەری نەخۆش لەسەر پەروەندەکەی بنووسێتەوە، ئەگەر هەر پشکنینێکی بۆ ئەنجامدرا یان دەرمانێکی بۆ زیادکرا یان لێی کەمکرا دەبێت تۆماریبکات.

9- لەکاتی ئێشکگری شەوانە و لەکاتی دیاریکراو ( بەپێی ڕێنماییەکانی نەخۆشخانە ) پێویستە تووری شەوانە لەگەڵ پەرستاری قاوش ئەنجام بدات بە هاوکاری پزیشکی نیشتەجێی دێرینی ئێشکگر.

10- پێویستە نەخۆش ئامادە بکات بۆ نەشتەرگەری و لەدوای نەشتەرگەریش بەدواداچوون و چاودێری تەواوی بۆ بکات بە پێی حاڵەتەکەی.

11- بە دواداچون بکات بۆ گەیشتنی ئەنجامی پشکنینی تاقیگەیی و تیشکیی و ڕاوێژکردن بەبەشەکانی دیکە لەگەڵ تۆمارکردنی ئەنجامەکان.

12- نابێت نەخۆش داخیل بکات یان دەری بچوێنێت یان ڕەوانەی هەر شوێنێکی تری بکات، بەڵکو ئەم کارانە بەتەواوی ئەرکی پزیشکی پسپۆڕە تەنیا لەحاڵەتی کتوپڕ نەبێت.

13- بە گوێرەی ئەو قاوشەی کاری لێدەکات و بەگوێرەی ڕێنماییەکانی ئەو پسپۆڕەی سەر پەرشتی دەکات، دەتوانێت ئەو پشکنین و دەرمانانە بۆ نەخۆش بنووسێت کە ڕێگەی پێدەدرێت ( ئەم کارە دەبێت بە نووسراو بکرێت و لە ژووری پزیشکانی نیشتەجێی خولاو هەڵبواسرێت).

<u>ب- دیدەنگەی راوێژکاری (العیادە الاستشاریە):</u>

1- بە ئامادەبوونی پزیشکی پسپۆڕ دەبێت مەشق لەسەر پشکنین و چارەسەرکردنی نەخۆش بکات.

2- پزیشكی نیشتەجێی خولاو نابێت پشكنین و چارەسەری نەخۆش بكات بەبێ ئامادەبوونی پزیشكی پسپۆر.

**<u>ج- فریاگوزاری و چاودێری چڕ:</u>**

1- پابەندبوونی تەواو بە كاتەكانی دەوام.

2- پێویستە بەپەلەو بە نەرمونیانی هەموو نەخۆشێك وەربگرێت و كاری فریاگوزاری سەرەتایی بۆ ئەنجام بدات و راستەوخۆ پزیشكی نیشتەجێی دێرین ئاگادار بكاتەوە و ئەگەر لەبەر هەر هۆیەك نەیتوانی پەیوەندی پێوە بكات ئەوا دەبێت سەرۆكی پزیشكانی نەخۆشخانەكە و پزیشكی پسپۆر ئاگادار بكاتەوە.

3- بۆ هەر نەخۆشێكی داخیلكراو پەروەندەی فریاگوزاری پڕبكاتەوەو پشكنینی تەواو ئەنجام بدات لەهەمان كات (بەبێ دواخستن). دەبێت هەموو ئەو بەشانەی پەروەندە پڕبكاتەوە كە پەیوەندی بەو هەیەو دەبێت بە خەتێكی ئاشكرا بێت و مۆر و واژوی خۆی لەسەر بێت.

4- لەكاتی جێهێشتنی كارەكەی بە مۆڵەت دەبێت جێگرەوەیەكی هەبێت و وهەمووتێبینیەكانی یەكە و نەخۆشەكان دەستاودەست (استلام وتسلیم) كرابێت لە گەڵ جێگرەوەكەی.

5- نابێت پێش هاتنی پزیشكی جێگرەوەی شوێنی كارەكەی بەجێ بهێڵێت. لەكاتی دواكەوتنی پزیشكی جێگرەوەی دەبێت سەرۆكی پزیشكانی نەخۆشخانە ئاگاداربكاتەوە.

6- نابێت بە بڕیاری خۆی هیچ نەخۆشێك رەوانەی شوێنێكی تر بكات یان دەری بچوێنێت، ئەم كارە ئەركی پزیشكی نیشتەجێی دێرینە بە ئاگاداری پزیشكی پسپۆڕ.

7- پزیشكی نیشتەجێی خولاو لە ژێر مەشقكردندە، بۆیە دەبێت هەموو ئەو كردارە پزیشكیە سەرەتاییانە فێرببێت كە لە بەشی فریاگوزاری و چاودێری چڕ دەكرێن ( وەك: CPR, Catheterization, Intubation, .....)

8- پێویستە رێنماییەكانی پاراستنی تەندروستی دەربارەی نەخۆشیە گوازراوەكان جێبەجێ بكات وەك پڕكردنەوەی فۆرم و ئاگاداركردنەوەی یەكسەر (اخبار فوری) بۆ هەندێ نەخۆشی دیاریكراو.

9- بۆ ئەو حاڵەتانەی كە پێویستیان بە فۆرمی پۆلیس هەیە دەبێت فۆرمی تایبەتی پۆلیسیان بۆ پڕبكاتەوە بەو شێوەیەی كە لە رێنماییەكانی نەخۆشخانە دیاریكراوە.

10- دەبێت پابەندی ئەو هەنگاوانەی پشكنین و چارەسەركردن بێت كە لەلایەن نەخۆشخانەكەی یان پزیشكی سەرپەرشتیاری دیاری دەكرێت، وە ئەم هەنگاوانەش دەبێت بە نووسراو لە قاوشی فریاگوزاری و چاودێری چڕ هەڵبواسرێت.

# پزیشکی پلەبەند

• **پێناسە:** ئەو پزیشکەیە کە ماوەی دوو ساڵی پزیشکی نیشتەجێی خولاوی تەواوکردووە و دەبێت بۆ ماوەی یەك ساڵ لە بنکە تەندروستیەکان یان کاتی پێویست لە نەخۆشخانەکانی ناحیە و قەزاکانی دەرەوەی شار مەشق بکات. تەواوکردنی ئەم قوناغە مەرجە بۆ گۆڕینی ناونیشانەکەی بۆ پزیشکی شارەزای گشتی و وەرگرتنی لە خوێندنی باڵا یان لە پزیشکی دێرینی لقەکان (ئەگەر مەرجەی تەواوکردنی ماوەی پلەبەندی پێویست بێت).

• **سەرپەرشتیار:** بەڕێوەبەری بەڕیوبەرایەتی تەندروستی و دەزگای تەندروستی (بنکەی تەندروستی یان نەخۆشخانە).

• **ئەرکە تایبەتەکان:**

ئەرکەکان بە گوێرەی شوێنی کارکردن:

أ - **قاوش:**

1- لەگەڵ دەستکردن بەدەوامی فەرمی و پێش ئامادەبوونی پزیشکی پسپۆڕ لە قاوش ئامادەبێت.

2- نابێت پێش تەواوبوونی دەوامی فەرمی قاوش بەجێ بهێڵێت.

3- لەکاتی جێهێشتنی کارەکەی بە مۆڵەت، دەبێت جێگرەوەیەکی هەبێت و وهەموتێبینیەکانی یەکە(وحدە) و نەخۆشەکان دەستاودەست (استلام وتسلیم) کرابێت لە گەڵ جێگرەوەکەی.

4- پزیشکی پلەبەند بە هاوکاری پزیشکی دێرین (ئەگەر هەبوو) و پەرستارانی قاوش بەرپرسە لە پێشوازی کردنی ئەو نەخۆشانەی کە لەلایەن پزیشکی پسپۆڕەوە رەوانە دەکرێن.

5- بۆ هەر نەخۆشێکی داخیلکراو دەبێت پەروەندەی نەخۆشخانە پڕبکاتەوەو پشکنینی پێویست ( History and clinical examination) و تەواوی بۆ ئەنجام بدات لەهەمان ڕۆژ و هەمان کات (بەبێ دواخستن). دەبێت هەموو ئەو بەشانەی پەروەندە پڕبکاتەوە کە پەیوەندی بەو هەیەو دەبێت بە خەتێکی ئاشکرا بێت و مۆر و واژوی خۆی لەسەر بێت.

6- لەکاتی داخیلکردنی هەرنەخۆشێك، پزیشکی نیشتەجێی دێرین یان پسپۆڕ (ئەگەر هەبوو) ئاگاداربکاتەوە پێش ئەنجامدانی هەر پشکنینێکی تاقیگەیی یان تیشکی یان پێدانی هەر دەرمانێك کە پزیشکی پسپۆڕ دیاری نەکردبێت.

7- دەتوانێت لە کاتی ڕووداوی کتوپڕ ئەو پشکنین و دەرمانانە بنووسێت کە پێویستن و دواتر پزیشکی نیشتەجێی دێرین یان پسپۆڕ (ئەگەر هەبوو) ئاگاداربکاتەوە.

8- بەیانیان بە هاوکاری پەرستارانی قاوش توری بەیانیان ئەنجام بدات و تێبینی خۆی لەسەر پەروەندەی نەخۆش بنووسێت. وە لەکاتی هاتنی پزیشکی نیشتەجێی دێرین و پزیشکی پسپۆڕ (ئەگەر هەبوو) توورەکە دووبارە دەکاتەوە.

9- لەکاتی ئێشکگری شەوانە و لەکاتی دیاریکراو (بەپێی ڕێنماییەکانی نەخۆشخانە) تووری شەوانە لەگەڵ پەرستاری قاوش ئەنجام بدات بە هاوکاری پزیشکی نیشتەجێی دێرینی ئێشکگر (ئەگەر هەبوو).

10- بەدواداچوون بۆ گەیشتنی ئەنجامی پشکنینی تاقیگەیی و تیشکی لە بەشی تاقیگە و تیشك و تۆمارکردنی ئەنجامەکان بکات.

11- نابێت نەخۆش داخیل بکات یان دەری بچوێنێت یان ڕەوانەی هەر شوێنێکی تری بکات، بەڵکو ئەم کارانە بەتەواوی ئەرکی پزیشکی پسپۆڕە (ئەگەر هەبوو) تەنیا لەحاڵەتی کتوپڕ نەبێت.

12- پزیشکی پلەبەند بە گوێرەی ئەو قاوشەی کاری لێدەکات و بەگوێرەی ڕێنماییەکانی ئەو پسپۆڕەی سەر پەرشتی دەکات، دەتوانێت ئەو پشکنین و دەرمانانە بۆ نەخۆش بنووسێت کە ڕێگەی پێدەدرێت ( ئەم کارە دەبێت بە نووسراو بکرێت و لە ژووری پزیشکانی پلەبەند هەڵبواسرێت).

ب - <u>نۆرینگەی دەرەکی (العیادە الخارجیە)</u> لە بنکەی تەندروستی یان نەخۆشخانە:

1- بینینی نەخۆش، پشکنین، دەستنیشانکردن و چارەسەرکردن و بەدواداچوونی نەخۆش.

2- نووسینی دەرمان بۆ نەخۆشیە درێژخایەنەکان (الامراض المزمنە).

3- هەندێ کرداری پزیشکی بچووك (عملیات صغری) کە پزیشك بە پێویستی دەزانێت.

4- ڕەوانەکردنی نەخۆش لەکاتی پێویست بۆ نەخۆشخانە.

5- کاری فریاگوزاری سەرەتایی بۆ حاڵەتە ناکاوەکان و پاشان ڕەوانەکردنیان بۆ نەخۆشخانە.

6- لە ئەستۆگرتنی ئەرکی بەڕێوەبردن و بەرپرسیارەتی وەکو بەڕێوبەری دەزگا تەندروستیەکان لەکاتی پێویست.

7- پێدانی مۆڵەت بۆ ئەو نەخۆشانەی کەوا پێویستیان بە پشوودانە.

8- بۆی هەیە نەخۆش رەوانەی نەخۆشخانە یان بنکەیەکی تەندروستی تر بکات لە سنووری بەڕێوبەرایەتیە تەندروستیەکەی خۆی.

9- سەرپەرشتی جێبەجێکردنی هەموو بەرنامەکانی پاراستنی تەندروستی بکات کە لە بنکە تەندروستی و نەخۆشخانەکان پەیرەو دەکرێن وەك سەرپەرشتیکردنی هەڵمەتەکانی کوتان و پشکنینی پێشوەختە ( Screening Tests) بۆ نەخۆشیە نەگوازراوەکان ئەگەر هەبێت.

ج- **<u>فریاگوزاری و چاودێری چڕ:</u>**

1- پابەندبوونی تەواو بەکاتەکانی دەوامی ئەم بەشانە بکات.

2- پێویستە بەپەلەو بە نەرمونیانی هەموو نەخۆشێك وەربگرێت و کاری فریاگوزاری سەرەتایی بۆ ئەنجام بدات و راستەوخۆ پزیشکی نیشتەجێی دێرین (ئەگەر هەبوو) ئاگادار بکاتەوە و ئەگەر لەبەر هەر هۆیەك نەیتوانی پەیوەندی پێوە بکات ئەوا دەبێت سەرۆکی پزیشکانی نەخۆشخانەکە و پزیشکی پسپۆڕ ئاگادار بکاتەوە.

3- بۆ هەر نەخۆشێکی داخیلکراو پەروەندەی فریاگوزاری پڕبکاتەوەو پشکنینی تەواو ئەنجام بدات لەهەمان کات (بەبێ دواخستن). دەبێت هەموو ئەو بەشانەی پەروەندە پڕبکاتەوە کە پەیوەندی بەو هەیەو دەبێت بە خەتێکی ئاشکرا بێت و مۆر و واژوی خۆی لەسەر بێت.

4- لەکاتی جێهێشتنی کارەکەی بە مۆڵەت دەبێت جێگرەوەیەکی هەبێت و وەهەموتێبینیەکانی یەکە و نەخۆشەکان (استلام وتسلیم) کرابێت لە گەڵ جێگرەوەکەی.

5- نابێت پێش هاتنی پزیشکی جێگرەوەی شوێنی کارەکەی بەجێ بهێڵێت. لەکاتی دواکەوتنی پزیشکی جێگرەوەی دەبێت سەرۆکی پزیشکانی نەخۆشخانە ئاگاداربکاتەوە.

6- نابێت بە بڕیاری خۆی هیچ نەخۆشێك رەوانەی شوێنێکی تر بکات یان دەری بچوێنێت، ئەم کارە ئەرکی پزیشکی نیشتەجێی دێرینە (ئەگەر هەبوو) بە ئاگاداری پزیشکی پسپۆڕ.

7- پزیشکی پلەبەند لە ژێر مەشقکردندایە، بۆیە دەبێت هەموو ئەو کردارە پزیشکیە سەرەتاییانە فێرببێت کە لە بەشی فریاگوزاری و چاودێری چڕ دەکرێن ( وەك: CPR, Catheterization, Intubation, .....)

8- بۆ ئەو حاڵەتانەی کە پێویستیان بە فۆرمی پۆلیس هەیە دەبێت فۆرمی تایبەتی پۆلیسیان بۆ پڕبکاتەوە بەو شێوەیەی کە لە رێنماییەکانی نەخۆشخانە دیاریکراوە.

9- پابەندی ئەو هەنگاوانەی پشکنین و چارەسەرکردن بێت کە لەلایەن نەخۆشخانەکەی یان پزیشکی سەرپەرشتیاری دیاری دەکرێت، وە ئەم هەنگاوانەش دەبێت بە نووسراو لە قاوشی فریاگوزاری و چاودێری چڕ هەڵبواسرێت.

# پزیشكی شارەزای گشتی

- **پێناسە:** ئەو پزیشكەیە كە دووساڵ مەشقی پزیشكی خولاو و یەك ساڵ مەشقی پزیشكی پلەبەندی تەواو كردووە.

- **سەرپەرشتیاری ڕاستە وخۆ / بەرێوەبەری** نەخۆشخانە یان بنكەی تەندروستی.

- **ئەركە تایبەتەكان:**

أ- **دیدەنگەی دەرەكی:**

1- مافی دیتنی هەموو نەخۆشێكی هەیە و لەگەڵ نووسینی پشكنین و دەرمان لە سنووری شارەزایی خۆی.

2- دەبێت پزیشكی شارەزای گشتی پابەندی ئەو هەنگاوانەی پشكنین و چارەسەركردن بێت كە لەلایەن بنكەكەی دیاری دەكرێت، وە ئەم هەنگاوانەش دەبێت بە نووسراو لە ژووری دیدەنگە هەڵبواسرێت.

3- نووسینی دەرمان بۆ نەخۆشیە درێژخایەنەكان (الامراچ المزمنه).

4- ئەنجامدانی هەندێ كرداری پزیشكی بچووك (عملیات صغری) كە پزیشك بە پێویستی دەزانێت.

5- بۆی هەیە نەخۆش ڕەوانەی نەخۆشخانە یان بنكەیەكی تەندروستی تر بكات لە سنووری بەرێوبەرایەتیە تەندروستیەكەی خۆی.

6- ئەنجامدانی كاری فریاگوزاری سەرەتایی بۆ حاڵەتە ناكاوەكان و پاشان ڕەوانەكردنیان بۆ نەخۆشخانە.

7- لە ئەستۆگرتنی ئەركی بەرێوەبردن و بەرپرسیارەتی وەكو بەرێوبەری دەزگا تەندروستیەكان لەكاتی پێویست.

8- پێدانی مۆڵەت بۆ ئەو نەخۆشانەی كەوا پێویستیان بە پشوودانە.

9- سەرپەرشتی جێبەجێكردنی هەموو بەرنامەكانی پاراستنی تەندروستی بكات كە لە بنكە تەندروستی و نەخۆشخانەكان پەیڕەو دەكرێن وەك سەرپەرشتیكردنی هەڵمەتەكانی كوتان و پشكنینی پێشوەختە ( Screening Tests) بۆ نەخۆشیە نەگوازراوەكان ئەگەر هەبێت.

ب- **فریاگوزاری و چاودێری چڕ:**

1- پابەندبوونی تەواو بەكاتەكانی دەوامی ئەم بەشانە.

2- پێویستە بەپەلەو بە نەرمونیانی هەموو نەخۆشێك وەربگرێت و كاری فریاگوزاری سەرەتایی بۆ ئەنجام بدات و سەرپەرشتیاری راستەوخۆی ئاگاداربكاتەوە لەكاتی پێویست.

3- بۆ هەر نەخۆشێكی داخیلكراو پەروەندەی فریاگوزاری پڕبكاتەوەو پشكنینی تەواو ئەنجام بدات لەهەمان كات (بەبێ دواخستن). دەبێت هەموو ئەو بەشانەی پەروەندە پڕبكاتەوە كە پەیوەندی بەو هەیەو دەبێت بە خەتێكی ئاشكرا بێت و مۆر و واژوی خۆی لەسەر بێت.

4- لەكاتی جێهێشتنی كارەكەی بە مۆڵەت، دەبێت جێگرەوەیەكی هەبێت و وەهەموتێبینیەكانی یەكە و نەخۆشەكان دەستاودەست (استلام وتسلیم) كرابێت لە گەڵ جێگرەوەكەی.

5- نابێت پێش هاتنی پزیشكی جێگرەوەی شوێنی كارەكەی بەجێ بهێڵێت. لەكاتی دواكەوتنی پزیشكی جێگرەوەی دەبێت سەرپەرشتیاری راستەوخۆی ئاگاداربكاتەوە.

6- دەبێت پابەندی ئەو هەنگاوانەی پشكنین و چارەسەركردن بێت كە لەلایەن نەخۆشخانەكەی دیاری دەكرێت، وە ئەم هەنگاوانەش دەبێت بە نووسراو لە قاوشی فریاگوزاری و چاودێری چڕ هەڵبواسرێت.

بۆ ئەو حاڵەتانەی كە پێویستیان بە فۆرمی پۆلیس هەیە دەبێت فۆرمی تایبەتی پۆلیسی بۆ پڕبكاتەوە بەو شێوەیەی كە لە رێنماییەكانی نەخۆشخانە دیاریكراوە.

## پزیشكی نیشتەجێی دێرین

• <u>پێناسە:</u> ئەو پزیشكەیە كە دوای تەواوكردنی دوو ساڵ لە خزمەتی پزیشكی نیشتەجێی خولاو و یەك ساڵ خزمەتی پزیشكی پلەبەندیی (بۆ ئەو بەشانەی كە پێویستیانە) لە یەكێك لە بەشە زانستیەكانی پزیشكیی لە ژێر چاودێری پزیشكی پسپۆڕ لە نەخۆشخانەكانی ناوشار و دەرەوەی – ئەگەر پێویستی كرد - مەشق بكات ( دوای دوو ساڵ لە تەواوكردنی ئەم قۆناغە بەسەركەوتوویی؛ ناونیشانی دەگۆڕێت بۆ پزیشكی شارەزای لق).

• <u>**سەرپەرشتیاری ڕاستە وخۆ :**</u> پزیشكی پسپۆڕ

• <u>**سەرپەرشتیاری ناڕاستەوخۆ:**</u>

بەڕێوەبەری نەخۆشخانە

سەرۆكی پزیشكانی نیشتەجێی نەخۆشخانەكە

سەرۆکی پزیشکانی گشتی

سەرۆکی بەشە زانستیەکە

• **ئەرکە تایبەتەکان:**

**بەشی یەکەم:**

1- پابەندبوون بە دەوامکردن لە هەموو ئەو بەشانەی کە لە خشتەی مەشقکردنی دیاریکراوە.

2- پابەندبوون بە خشتەی هەموو ئەو کۆبوونەوەو خولە زانستیانەی کە لە شوێنی کارەکەی ئەنجام دەدرێت.

3- دەوامی پزیشکی نیشتەجێی دێرین لەگەڵ سەرەتای دەوامی فەرمی دەست پێدەکات تاکو تەواوبوونی دەوام. نابێت پزیشکی نیشتەجێی دێرین پێش تەواوبوونی دەوامی فەرمی شوێنی کاری بەجێ بهێڵێت.

4- پابەندبوون بە دەوامی ئێشگری و مانەوەی تەواوی لە شوێنی کارکردنی تایبەتی خۆی بەدرێژایی ماوەی ئێشکگریەکەی تاکو وەرگرتنی ئێشکگریەکەی لە لایەن ئیشکگری دوای خۆی.

5- دەبێت بۆ هەردەرچوونێکی لەکاتی دەوامی فەرمی رەزامەندی لە پزیشکی پسپۆڕی سەرپەرشتیار و سەرۆکی پزیشکانی نیشتەجێی نەخۆشخانەکەی وەربگرێت.

**بەشی دووەم:**

ئەرکەکان بە گوێرەی شوێنی کارکردن:

أ- **قاوش:**

1- لەگەڵ دەستکردن بەدەوامی فەرمی و پێش ئامادەبوونی پزیشکی پسپۆڕ لە قاوش ئامادەبێت.

2- نابێت پێش تەواوبوونی دەوامی فەرمی و هاتنی پزیشکی ئێشکگر قاوش بەجێ بهێڵێت.

3- بە هاوکاری پزیشکی نیشتەجێی خولاو و پەرستارانی قاوش بەرپرسە لە پێشوازی کردنی ئەو نەخۆشانەی لە لایەن پزیشکی پسپۆڕەوە داخیل دەکرێن.

4- تێبینی تەواو لەسەر پەروەندەی نەخۆش بنووسێت کە لە لایەن پزیشکی نیشتەجێی خولاوەوە ئامادەدەکرێت و بە خەتێکی ئاشکرا و مۆر و واژوی خۆی لەسەر بێت.

5- لەکاتی داخیلبوونی هەرنەخۆشێك پزیشکی پسپۆڕ ئاگاداربکاتەوە لەئەنجامدانی هەر پشکنینێکی تاقیگەیی یان تیشکی تایبەت یان گۆڕینی هەر دەرمانێکی تایبەت.

6- بەیانیان بە هاوکاری پزیشکی نیشتەجێی خولاو و پەرستارانی قاوش تووری بەیانیان ئەنجام بدات و تێبینی خۆی لەسەر پەروەندەی نەخۆش بنووسێت، وە دووبارەکردنەوەی توورەکە لەکاتی هاتنی پزیشکی پسپۆڕ.
7- لەکاتی ئێشکگری شەوانە و لەکاتی دیاریکراو ( بەپێی ڕێنماییەکانی نەخۆشخانە ) پێویستە تووری شەوانە لەگەڵ پەرستاری قاوش ئەنجام بدات بە هاوکاری پزیشکی نیشتەجێی خولاوی ئێشکگر.
8- نابێت نەخۆش داخیل بکات یان دەری بچوێنێت یان ڕەوانەی هەر شوێنێکی تری بکات بە بێ ئاگاداری پزیشکی پسپۆڕ.
9- بە گوێرەی ئەو قاوشەی کاری لێدەکات و بەگوێرەی ڕێنماییەکانی ئەو پسپۆڕەی سەر پەرشتی دەکات دەتوانێت ئەو پشکنین و دەرمانانە بۆ نەخۆش بنووسێت کە ڕێگەی پێدەدرێت ( ئەم کارە دەبێت بە نووسراو بکرێت و لە ژووری پزیشکانی نیشتەجێی دێرین هەڵبواسرێت).

ب- **دیدەنگەی ڕاوێژکاری (العیادە الاستشاریە):**

1- نابێت بە بێ ئامادەبوونی پزیشکی پسپۆڕ لە ڕاوێژکاری پشکنین و چارەسەرکردنی نەخۆش ئەنجام بدات.
2- دەبێت پابەندی تەواوی دەوامی ڕاوێژکاری بێت کە لەلایەن نەخۆشخانەکەی دیاری کراوە.

ج- **فریاگوزاری و چاودێری چڕ:**

1- دەبێت پابەندبوونی تەواو بەهەموو کاتەکانی دەوامی ئەم بەشانە بکات.
2- پێویستە بەپەلەو بە نەرم و نیانی هەموو نەخۆشێك وەربگرێت و کاری پێویستی بۆ ئەنجام بدات و ئەگەر پێویستی کرد پزیشکی پسپۆڕ ئاگادار بکاتەوە و ئەگەر لەبەر هەر هۆیەك نەیتوانی پەیوەندی پێ بکات ئەوا دەبێت سەرۆکی پزیشکانی نەخۆشخانەکە ئاگادار بکاتەوە.
3- نابێت بە بێ پرسی پزیشکی پسپۆڕ هیچ نەخۆشێك ڕەوانەی شوێنێکی تر بکات.
4- نابێت بەبڕیاری خۆی و بە بێ پرسی پزیشکی پسپۆر هیچ نەخۆشێك دەربچوێنێت.
5- دەبێت پابەندی ئەو هەنگاوانەی پشکنین و چارەسەرکردن بێت کە لەلایەن نەخۆشخانەکەی یان پزیشکی سەرپەرشتیاری دیاری دەکرێت، وە ئەم هەنگاوانەش دەبێت بە نووسراو لە قاوشی فریاگوزاری و چاودێری چڕ هەڵبواسرێت.

# پزیشكی پسپۆڕ

- **پێناسە:** ئەو پزیشكەیە كە لە یەكێك لە لقەكانی پزیشكیی، خوێندنی باڵای تەواوكردبێت لە زانكۆ یان لایەنێكی باوەڕپێكراو لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.

- **سەرپەرشتیار:** سەرۆكی بەش و بەڕێوەبەری نەخۆشخانە.

- **ئەركە گشتیەكان:**

تێبینی: سەرەڕای ئەو خاڵانەی كە لەبەشی ئەركە گشتیەكانی هەموو پزیشكان هاتووە، پزیشكی پسپۆڕ دەبێت ئەم خاڵانەی خوارەوەش جێبەجێ بكات.

1- بەشداریكردن لەو لیژنە پزیشكیانەی كە فەرمانگەی تەندروستی هەولێر دیاریان دەكات.
2- پابەندبوون بە خشتەی هەموو ئەو كۆبوونەوەو خولە زانستیانەی كە لە شوێنی كارەكەی ئەنجام دەدرێت.
3- بەشداریكردن لە كۆنفرانسی دیاریكردنی هۆی مردن (Death Conference)و راپۆرتی بەیانیان ( Morning report).
4- فێركردن و راهێنانی پزیشك و كارمەندان.
5- بەدواداچوون و لێپرسینەوە لەگەڵ پزیشكی نیشتەجێی خولاو و دێرین و كارمەندانی تەندروستی.
6- نابێت دەستكاری چارەسەری نەخۆشێك بكات كە پزیشكێكی دیكە سەرپەرشتی چارەسەرەكەی دەكات بێ ئاگەداركردنەوە و رەزامەندی ئەو.
7- نابێت نەخۆشی پزیشكێكی تر بگوازێتەوە لای خۆی بێ رەزامەندی پزیشكی یەكەم.
8- نابێت نەخۆش رەوانەی دیدەنگەی تایبەتی خۆی یان پزیشكێكی تر یان نەخۆشخانەی تایبەت بكات تەنها ئەگەر خزمەتگوزاری پزیشكی پێویست لەنەخۆشخانەی گشتی فەراهەم نەكرابێت، ئەم رەوانەكردنەش دەبێت بەئاگاداركردنەوەی بەرێوەبەرایەتی نەخۆشخانە بێت و مۆری نەخۆشخانەكە لەسەر فۆرمەكە بێت.

- **ئەركە تایبەتەكان:**

ئەركەكان بە گوێرەی شوێنی كاركردن دەگۆڕێن:

أ - **قاوش:**

1- بەرپرسی یەکەمی نەخۆش و قاوشە لەکاتی دەوامی فەرمی.

2- بەرپرسە لە ناوەڕۆك و تێبینیەکانی پەروەندە (گبلە)ی نەخۆش (کە لە لایەن پزیشکی نیشتەجێی دێرین و خولاو ئامادەکراوە لەهەمان ڕۆژ و هەمان کات بەبێ دواخستن و بە خەتێکی ئاشکرا و نووسینی ناو و واژوی خۆیان بە ڕوونی).

3- تەنها پزیشکی پسپۆڕ مافی داخیلکردنی نەخۆشی هەیە لەڕێگەی دیدەنگەی راوێژکاری نەخۆشخانە و بەشەکانی فریاکەوتن.

4- بە هاوکاری پزیشکی نیشەجێی دێرین و خولاو و دەرمانساز و پەرستارانی قاوش توری بەیانیان ئەنجامدەدات.

5- دەبێت لەکاتی توری بەیانیان چاو بخشێنێت بە تووری شەوانەی پزیشکی ئێشکگر.

6- بەرپرسیارە لە نووسینی پشکنینی (تاقیگەیی و تیشك و سۆنار....هتد) بۆ نەخۆش بە پێی ئەو رێنماییانە کە نەخۆشخانە دیاری دەکات.

7- مانەوە و دەرچواندنی نەخۆش تەنها ئەرکی پزیشکی پسپۆڕە.

8- دەتوانێت مۆڵەت بداتە ئەو نەخۆشەی کەوا داخیلکراو بە پێی حاڵەتەکەی، ئەم مۆڵەتەش دەبێت لەلایەن لیژنەیەکی پزیشکی فەرمیەوە پشتڕاست بکرێتەوە.

9- پێداچوونەوە و واژووکردن لەسەر وەفاتنامە (شهادە وفاە).

10- دانان و گۆڕینی چارەسەری نەخۆش.

11- لێپرسینەوە لەگەڵ پزیشکی نیشتەجێی خولاو و دێرین و کارمەندانی تەندروستی لەکاتی روودانی کێشە و گیروگرفت و نەهاتنیان بۆ دەوام و چارەسەرکردنیان (بەهەمانگی لەگەڵ سەرۆکی بەش و بەرێوبەری نەخۆشخانە).

12- هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکی بەش بۆ داواکردنی دەرمان و ئامێر و پێداویستی پزیشکی نوێی پێویست.

13- بەرپرسە لە نووسینی راوێژکاری بۆ بەشەکانی تر و وەڵامدانەوەی ئەو راوێژکارییانەی کە پێی دەکرێت (واتا بە خەتێکی روون و بەتەواوی بینووسێت و واژوی بکات ).

ب - **دیدەنگەی راوێژکاری (العیادە الاستشاریە):** پزیشکی پسپۆر دەبێت ئەم ئەرکانەی خوارەوە جێبەجێ بکات :

1- بەگوێرەی خشتەی دیاریکراو لە راوێژکاری ئامادەبێت و نابێت پێش تەواوبوونی دەوام راوێژکاری بە جێبهێڵت.

2- بینین و دەستنیشانکردن و چارەسەرکردن  و بەدواداچوونی باری نەخۆش لەگەڵ نوسینی پشکنینی تاقیگەیی.
3- ئەنجامدانی هەندێ کرداری پزیشکی بچووك (عمليات صغرى) كە پزیشك بە پێویستی دەزانێت.
4- داخیلکردنی ئەو نەخۆشانەی کە پێویستیان پێی هەیە.
5- ئەگەر نەخۆش پێوستی بە مۆڵەت هەبێت پزیشکی پسپۆر دەتوانێت (1 – 5 ) رۆژی بداتێ بۆ پشوودان (چاکبوونەوە).
6- راوێژکردن بە بەشەکانی دیکە لە کاتی پێویست و وەڵامدانەوەیان.

**ج – فریاگوزاری و چاودێری چڕ:**
1- پابەندبوونی تەواو بە دەوامی ئێشکگری و مانەوە لە نەخۆشخانە بە درێژایی ئێشکگریەکە.
2- پزیشکی پسپۆر بەرپرسی یەکەم و سەرەکیە لە هەموو ئەو نەخۆشانەی کە لە ئێشکگریەکەی ئەودا سەردانی فریاگوزاری دەکەن.
3- بینین وهەڵسەنگاندن و دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنی نەخۆش و داواکردنی پشکنینی تاقیگەیی لە کاتی پێویست.
4- نووسینی تێبینی و بڕیارەکان لەسەر پەروەندەی نەخۆش.
5- بڕیاردان لەسەر چارەنووسی نەخۆش بە مانەوە، دەرچوواندن، رەوانەکردن (إحاله) یان ئەنجامدانی نەشتەرگەری.
6- لە کۆتایی ئێشکگریەکەی تووری کۆتایی ئەنجامدەدات و نەخۆشەکان یەکلایدەکاتەوە (تصفيه).
7- ئەنجامدانی هەندێ کرداری پزیشکی بچووك (عمليات صغرى) كە پزیشك بە پێویستی دەزانێت.
8- لەکاتی کۆتایی هاتنی  ئێشکگریەکەی یان جێهێشتنی کارەکەی بە مۆڵەت ، دەبێت جێگرەوەیەکی هەبێت و هەموو تێبینیەکانی نەخۆش دەستاودەست (استلام وتسليم) کرابێت لە گەڵ جێگرەوەکەی.

**د - هۆڵی نەشتەرگەری:**
1- پابەندبوون بە لەبەرکردنی جلی تایبەتی نەشتەرگەری.
2- بەرپرسی یەکەمە لەئەنجامدانی نەشتەرگەریەکە هەر لە پاکژکردنەوە (تعقيم) تاوەکو تەواوبوونی.
3- نووسینی جۆر و چۆنیەتی بەڕێوەچوونی نەشتەرگەریەکە و تێبینیەکانی دیکە لەسەر پەروەندەی نەخۆش.
4- نووسینی چارەسەر و رێنمایی دوای نەشتەرگەری لەسەر پەروەندەی نەخۆش.
5- پاراستنی نهێنیەکانی نەخۆش.

6- لەکاتی ئەنجامدانی نەشتەرگەری ئەگەر هەر کێشەیەك روویدا دەبێت ئەو پسپۆڕە راوێژ بە پسپۆرێکی دیکە بکات کەوا ئەزموونی لەو زیاترە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە.
7- نووسینی زانیاری تەواو لەسەر فۆرمی نموونە (Specimen) پێش رەوانەکردنی بۆ تاقیگە.
8- روونکردنەوەی جۆری نەشتەرگەری و گشت دەرەنجامەکانی بۆ نەخۆش یان / و کەسوکاری لەلایەن ئەو پزیشکەی کە نەشتەرگەریەکەی بۆ ئەنجامدەدات.

# مۆڵەت

جۆرەکانی مۆڵەت:

1- مۆڵەتی ئاسایی
2- مۆڵەتی نەخۆشی
3- مۆڵەتی (سکپڕی و منداڵبوون و دایکایەتی)
4- مۆڵەتی هاوڕێیەتی
5- مۆڵەتی بێ موچە
6- مۆڵەتی خوێندن

1- **مۆڵەتی ئاسایی:**

أ- فەرمانبەر مافی وەرگرتنی مۆڵەتی ئاسایی هەیە بە موچەی تەواو، یەك رۆژ لە هەموو دە رۆژێك لە راژەکەی، بۆ وەرگرتنی پێویستە دواکاریەکی نووسراو پێشکەشبکات بە مەرجێك دژ نەبێت لەگەڵ بەرژەوەندی گشتی.
ب- فەرمانبەر بۆی نیە سود لە مۆڵەتی ئاسایی وەربگرێت بۆ ماوەیەك لە (120) رۆژ زیاتر بە موچەی تەواو.
ج- ئەو فەرمانبەرەی لەژێر ئەزموندایە هەمان هەڵسوکەوتی ئەو فەرمانبەرەی لەگەڵ دەکرێت کە جێگیر کراوە لە رووی وەرگرتن و پێدانی مۆڵەتی ئاسایی.

تێبینی: لەبەر ئەوەی پزیشکی نیشتەجێی خولاو بۆ ماوەی دوو ساڵ لەژێر مەشقکردندایە و لەبەر بەرژەوەندی گشتی کار بۆیە لەو ماوەیەدا ناتوانێت مۆڵەتی ئاسایی وەربگرێت بەڵکو دەتوانێت سوود لەجۆرەکانی دیکەی مۆڵەت وەربگرێت.

2- مۆڵەتی نەخۆشی

أ- فەرمانبەر مافی وەرگرتنی مۆڵەتی نەخۆشی هەیە بە موچەی تەواو بۆ ماوەی (30) رۆژ بۆ هەر ساڵێك لە ساڵەکانی راژە وە بۆ ماوەی (45) رۆژ بە نیوە موچە بەمەرجێك نابێ کۆی مۆڵەتی نەخۆشی وەرگیراو لە لایەن فەرمانبەرەوە لەماوەی (5) ساڵ لە (180) رۆژ زیاتر بێ بە موچەی تەواو وە (180) رۆژ بە نیوە موچە.
ب- ئەو فەرمانبەرەی لە کارەکەی جێگیرنەکراوە ئەزموندایە هەمان مافی ئەو فەرمانبەرەی هەیە کە جێگیر کراوە وەك ئەو هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێت لەکاتێك ئەگەر تووشی نەخۆشیەکی کوشندە نەبووبێ و دوای جێگیرکردنی ئەو مۆڵەتە لەکۆی مۆڵەتی نەخۆشی فەرمانبەرەکە دەردەکرێت.
ج- لەکاتی تووش بوونی فەرمانبەر بە نەخۆشی کوشندە مافی وەرگرتنی مۆڵەتی نەخۆشی هەیە بۆ ماوەی سێ ساڵ بە موچەی تەواو ئەگەر دوای ئەو ماوەیە چاك نەبووەوە ئەوە خانەنشین دەکرێت.
د- ئەو دایکانەی کەوا منداڵەکانیان تووشی نەخۆشی درێژخایەن بوونە؛ مۆڵەتی درێژخایەن بە مووچە و دەرماڵەی تەواویان پێدەدرێت بەمەرجێك هەر شەش مانگ جارێك راپۆرتی پزیشکی تایبەت بەحاڵەتی منداڵەکە پێشکەشبکات بۆ نوێکردنەوەی مۆڵەتەکە.
هـ- ئەو دایك و باوکانەی کەوا دوو منداڵیان تووشی نەخۆشی گۆشەگیریی (ئۆتیزم) بوونە؛ مۆڵەتی درێژخایەن بە مووچە و دەرماڵەی تەواویان پێدەدرێت بەمەرجێك هەر شەش مانگ جارێك راپۆرتی پزیشکی تایبەت پێشکەشبکەن بۆ نوێکردنەوەی مۆڵەتەکە.

3- مۆڵەتی سکپڕی و منداڵبوون و دایکایەتی:
أ- مۆڵەتی سکپڕی و منداڵبوون :
فەرمانبەری ئافرەت لەکاتی سکپڕی شایستەی وەرگرتنی مۆڵەتی سکپڕی و لەدایك بوونە بۆ ماوەی (72) رۆژە بە موچەی تەواو بەمەرجێك سوود لەو مۆڵەتە وەربگرێت (21) رۆژ پێش لەدایکبوونی منداڵەکە و (51) رۆژ دوای ئەوە، دەکرێ ئەم مۆڵەتە دووبارە ببێتەوە هەر کاتێك سکپڕبوون و منداڵبوون روویدا.

لەسەر فەرمانبەری سکپڕ پێویستە داواکاریەکی نووسراو پێشکەش بکات بە فەرمانگەکەی خۆی و مێژووی دەست لەکارهەڵگرتنی بۆ سوود وەرگرتن لەو مۆڵەتە تیایدا دیاری بکات و راپۆرتی پزیشکی تایبەت بەو بابەتە لەگەڵ داواکارییەکەی هاوپێچ بکات.

ب- مۆڵەتی دایکایەتی:

فەرمانبەری ئافرەت (دایك) شایستەی وەرگرتنی مۆڵەتی دایکایەتیە بۆ ماوەی یەك ساڵ بە موچەی تەواو بەمەبەستی چاودێریکردنی کۆرپەکەی کە تەمەنی نەگەیشتۆتە ساڵێك.

ئەو مۆڵەتە کۆتایی پێدێت ئەگەر ساغ بووەوە ئەو دایکە کارێکی تر بەکرێ بۆ لایەنێکی تر دەکات لەکاتی ئەو مۆڵەتە وە لەسەر فەرمانگەکەی پێویستە مۆڵەتەکەی هەڵبوەشێنێتەوە.

4- مۆڵەتی هاوڕێیەتی:

فەرمانبەری ئافرەت یان پیاو مافی وەرگرتنی مۆڵەتی ئاساییان هەیە بەمەبەستی هاوڕێیەتی یەکتر لەکاتی شاندکردنی هەریەکیان بۆ دەرەوەی وڵات بۆ کاری فەرمی دەوڵەت و فەرمانگە بۆ ماوەی شاندکردنەکە بە پێی رێنماییە کارپێکراوەکان.

ئەو فەرمانبەرەی مۆڵەتی خوێندنی پێدراوە بەڵام خێزانەکەی فەرمانبەر نیە ئەو کاتە 75٪ مووچەی بۆ خێزانەکەی سەرفدەکرێت.

5- مۆڵەتی بێ موچە:

فەرمانبەر مافی وەرگرتنی مۆڵەتی ئاسایی بێ موچەی هەیە بەمەرجێك زیان بە بەرژەوەندی فەرمانگەکەی نەگەیەنێ.

بۆ ئەم مەبەستە فەرمانبەر پێویستە داواکاریەك پێشکەش بکات تیایدا داوای مۆڵەتی ئاسایی بێ موچە بکات، دوای وەرگرتنی رەزامەندی لەلایەن وەزیری تایبەتمەند یان ئەو کەسەی دەسەڵاتی پێداوە فەرمانبەر بەمۆڵەت پێدراو دادەنرێت لە رۆژی دەست لەکارهەڵگرتنیەوە.

ئەم ماوەیە بۆ هیچ مەبەستێك بە راژە ئەژمار ناکرێت.

6- مۆڵەتی خوێندن:

دەکرێ مۆڵەتی خوێندن بدرێت بە فەرمانبەر بە موچەی تەواو ئەگەر هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بوو یان بڕوانامەیەکی بەرزتر وە ماوەی دوو ساڵی لە راژەی تەواو هەبێت بۆ تەواوکردنی خوێندن لە دەرەوەی وڵات

بەمەبەستی وەرگرتنی بڕوانامەیەکی بەرزتر وە ماوەی ئەو مۆڵەتە بە پێی ماوەی خوێندنەکە و فێربوونی زمانە بە پێی ئەو مەرجانەی دیاری کراوە بۆ قوتابیان کە دەنێردرێنە دەرەوەی وڵات دەکرێ ماوەی مۆڵەتەکە درێژبکرێتەوە بەمەبەستی بەدەستهێنانی بڕوانامەیەکی بەرزتر.

هەروەها دەکرێت مۆڵەتی خوێندن بدرێتە فەرمانبەر ئەگەر دوو ساڵ راژەی تەواوی هەبێت بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی زانکۆیی یان بەرزتر لە ناو وڵات بە پێی رێنماییە کارپێکراوەکان.

## جۆرەکانی مۆڵەت کە پێویستیان بەقەرە بووکردنەوە نییە:

أ- ئەگەر پزیشك نەشتەرگەری بۆ کرابێت ( ڕاپۆرتی پزیشکی نەخۆشخانەی هەبێت) کەلەنەخۆشخانە خەوتووە و نەشتەرگەری کراوە.

ب- مۆڵەتی هاوسەریەتی لە مانگێك کەمتر.

ج- مۆڵەتی کەمتر لە دوو هەفتە  بۆ هەموو جۆرە مۆڵەتەکان (مۆڵەتی ئاسایی، مۆلەتی بێ مووچە، مۆڵەتی بەموچە، شاندکردن .... هتد) بۆیەکجار قەرەبووە ناکرێتەوە( واتە ئەگەرکۆی هەموومۆڵەتەکان لە دووهەفتە کەمتربوو لەماوەی دووساڵی مەشقکردنی قەرەبووە ناکرێتەوە).

## دەسەڵاتی پزیشك لەپێدانی مۆڵەت بۆ نەخۆش

⋆ نەخۆشخانەکان:-

1- پزیشکی پسپۆڕ دەسەڵاتی پێدانی مۆڵەتی نەخۆشی هەیە لە حاڵەتە ئاساییەکاندا بۆ درێژترین ماوە کە پێنج رۆژە.

2- ئەگەر نەخۆش پێویستی بە مۆڵەت بێت بۆ ماوەیەك کەلە پێنج رۆژ زیاتر بێت و تا سی (30) رۆژ، ئەو کاتە دەبێت بەپێی راپۆرتێك بێ کەلە لیژنەیەکی پزیشکی فەرمیەوە دەرچووبێت.

3- ئەگەر نەخۆش پێویستی بە درێژکردنەوەی مۆڵەتی نەخۆشی هەبێت ئەو کاتە بەپێی راپۆرتێك دەبێ کەلە لیژنەیەکی پزیشکی فەرمیەوە دەرچووبێت.

4- لەكاتی داخیل بوونی نەخۆش لەنەخۆشخانە پزیشكی چارەسەركەر بۆی هەیە مەڵەتی پێ بدات بەگوێرەی حاڵەتەكەی بەمەرجێك فۆرمی - پەروەندەی – داخیل بوون و دەرچوون لەنەخۆشخانە پشت راست (تصدیق) كرابێت لەلایەن لیژنەیەكی پزیشكی فەرمیەوە.

⋆ بەشی فریاگوزاری

أ- لەكاتی دەوامی فەرمی:-

1- پزیشكی پسپۆڕ دەسەڵاتی پێدانی مۆڵەتی نەخۆشی هەیە لە حاڵەتە ئاساییەكاندا بۆ درێژترین ماوە كە پێنج رۆژە.

2- ئەگەر نەخۆش پێویستی بە مۆڵەت بێت بۆ ماوەیەك كەلە پێنج رۆژ زیاتر بێت و تا سی (30) رۆژ، ئەو كاتە دەبێت بەپێی راپۆرتێك بێ كەلە لیژنەیەكی پزیشكی فەرمیەوە دەرچووبێت.

ب- لەكاتی ئامادەبوونی پزیشكی نیشتەجێی خولاو ئەوا دەسەڵاتی پێدانی مۆڵەتی نەخۆشی هەیە بۆ ماوەی تەنها 24 كاتژمێر.

ج- لەكاتی ئامادەبوونی پزیشكی خوێندنی باڵا ئەوا دەسەڵاتی پێدانی مۆڵەتی نەخۆشی هەیە بۆ ماوەیەك كە لە 3 رۆژ زیاتر نەبێت.

⋆ بنكە تەندروستیەكان

أ- لەكاتی دەوامی فەرمی پزیشك دەسەڵاتی پێدانی مۆڵەتی نەخۆشی هەیە بۆ ماوەی 4 رۆژ.

ب- لەكاتی ئێشكگریی پزیشكی ئێشكگر توانای بەخشینی مۆڵەتی نەخۆشی هەیە بۆ ماوەی 24 كاتژمێر.

تێبینیەكان:-

1- لەكاتی پێدانی مۆڵەتی نەخۆشی لەلایەن پزیشكی چارەسەركەر یان لیژنەی پزیشكی؛ دەبێت ناوی سیانی نەخۆش و مێژوو و ماوەی مۆڵەتەكە بە ئاشكرایی دیاری بكرێت.

2- مۆڵەتی نەخۆشی لەكاتی دەرچوون یان پێدانی راپۆرتی پزیشكیەوە دەست پێدەكات و بەكۆتا هاتنی ماوەكەش كۆتایی دێت.

3- هەڵواسینی وێنەیەك لەم رێنماییانە لە نۆرینگە دەرەكی و بنكە تەندروستیەكان.